Komala Party – Iranian Kurdistan
Switzerland Committee

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
کۆمیتەی سویس

# کۆبونەوەی ساڵانەی ئەندامانی کۆمەڵە لە سویس

ڕۆژی بیست ویەکی ئوکتوبری دووهەزاروحەوت ئەندامانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە شاری زوریخ کۆبونەوەی ساڵانەی خۆیان بەڕێوە برد. لەو کۆبونەوەیە دا سەرەتا گوزاریشی تەشکیلاتی لە لایەن هاوڕێ فەرامەرزی سەجیمەوە پێشکەشی ئەندامان کرا، لە بەشێک لە گوزاریشەکەدا ئیشارە بەوە کرا کە تەشکیلاتی کۆمەڵە لە سویس هەموو چالاکیەکانی بە بەردەوامی وبە باشی لە هەموو بوارەکاندا هەڵسوڕاوانە ئەنجام داوە، دیارە ئەو ئەرکانە بەبێ بەشداری چالاکانەی ئێوە کادر و ئەندامانی لێهاتو مسۆگەر نەدەبو، هەر بۆیە دڵسۆزی و هەست بە مەسئولیەتتان بۆتە مایەی پشت ئەستوری و سوربونمان لە پێناو وەدیهێنانی ئاواتە بەرزەکانی کۆمەڵە. بە دووای ئەوە دا هەڕکام لە هاوڕێیان، حەسەن موحەمەدی، خالید حوسێن زادە و میرزا مورادی، لە سەر بارودۆخی ئێستای کوردستان و ئەو نەقشە مێژویەی کە دەکەوێتە سەرشانی کۆمەڵە وەک هێزێکی چەپ وسوسیالیست و مودافیعی شێلگیری مافەڕەواکانی گەلی کورد دووان و تەئکیدیان لە سەر پێویستی خەباتی چڕوپڕتر لە جاران کرد،هەروەها پێویستی دەور و نەقشی بەرچاوتری کۆمەڵەیان خستە ڕو، بە تایبەت لە و سەردەمە مێژویە دا کە گەلی کورد و گەلانی بندەستی ئێران پێیدا تێپەڕ دەبن.هەر وەها لەسەر ڕسواکردنی هەرچی زیاتری کۆماری ئیسلامی ئێران و ناساندنی ئەو ڕژیمە تڕۆریست پەروەرە وە ک بنکەی جینایەت و ئاژاوە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە جیهان، قسەوباسیان کرد.

بە دووای ئەو قسەو باسە گەرموگوڕانەدا هەڵبژاردنی کومیتە دەستی پێکرد، کە لە نهایەتدا هاوڕێیان لە سەر کومیتەیەکی پێنج کەسی ساغ بونەوە و بۆ ئەو مە بە ستە بە تێگڕای دەنگ کومیتەی تازەیان هەڵبژاد. هاوڕێ میرزا مورادی وەک بەرپرسی کومیتەی کۆمەڵە لە سویس هەڵبژێردرا و هەرکام لە هاوڕێیانی دیکەش بەشێک لە کارەکانیان وە ئەستۆ گردت و باقی ئەندامانیش ئامادەی خۆیان بۆ هاو کاری لە گەڵ کومیتە ڕاگەیاند.

## کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

## کۆمیتەی سویس

۲۶.۱۰.۲۰۰۷

Web: www.komala.org
Web: http://komala1348swiss.blogspot.com/
E-Mail: komala.suisse@yahoo.de
Tel: 0041 76 50 16 106